# زەهان و میتازمان

**نیهاد جامی**

بۆئەوەی توانای کردنەوەی کۆدەلالیەکانی زمانمان هەبێت، دەبێ دەستبەرداری بیرکردنەوەی عەقلانی زمان بین و لەودیو ئەو گوتارە زمانەوانییەی کە خەریکی پرۆژەی بنیاتنانی فیکرە، سەیری زمان بکەین، چونکە زمان پەیوەندی هەیە بە سەنتەری بیرکردنەوەوە کە عەقلە، ئەو میکانیزمەش بۆ تێگەیشتن دەستبەرداری زمان نابێت، هێندەی واز لە وتراو دەهێنێ و دەیەوێ لە ڕێگەی میتا زمانەوە ئەو سیستمە ڕێکخەرە هەڵوەشێنێتەوە و کەشفی کۆدەکانی بکات، دیارە ئەوەش لای (کریستیڤا) پەیوەندی بە دیاردەیەکی دەروونییەوە هەیە، کە (زهان) ە، لەڕێگەی قسەکردنی ئەو کەسە نەخۆشەوە دەتوانێ بگاتە میتا زمان، ئەگەرچی ئەو کارە بۆ بونیادگەرێکی وەك (لاکان) تووشی ڕەخنە و گومانی دەکرد، چونکە لاکان کە پرۆژەکەی خۆی ناونابوو ( گەڕانەوە بۆ فرۆید) کە تیایدا نەستی هاووتا دەکردەوە بە زمان، دیارە لەگەڵ دەرکەوتنی تیۆری زمانەوان، زانستەکان گۆڕانێکی مەزنیان بە خۆیانەوە بینی، چونکە ئەو تیۆرە بووە هۆی ئەوەی زمان بپەڕێتەوە نێو زانست و لە ڕوانگەی زماننناسیەوە سەیریان بکرێت، ئەوەش هەوڵێك بوو بۆ خوێندنەوەی جیاواز لەئاست دەقەکانەوە، بۆئەوەی ئاستی نەدۆزراوەی دەق کەشف بکرێت، بۆیە ئەگەر لەو ساتەوەختەوە قسە لە مردنی فرۆید دەکرا، ئەوا لاکان هات هەموو ئەو بانگەشە کاریانەی بەلاوەنا و هەوڵیدا تێگەیشتنەکانی ڕۆشن بکاتەوە، چونکە کۆمەڵێك تێگەیشتنی هەڵە، ببوونە هۆی ئەوەی فرۆید بەهەڵە بخوێنرێتەوە، هۆیەکی تریش کەلە ڕاستیدا بەرپاکردنی شەڕێك بوو، کە ئەوەیان لاکانی توشی دوژمنایەتی کرد لەنێوان هاوپیشەکانی، کە هەندێ چەمکی فرۆیدی ڕاستکردەوە بە گەڕانەوە بۆ ئەوانیتر، ئەو دۆزینەوانەی کە لاکان بە سێنتەرێك لە دەستکەوتەکانی فرۆیدی دادەنا و بەکاریشی هێنا لە ڕاستکردنەوەی فرۆید لە ناوەوە، وەك ئامرازێکی سەرەکی بۆ وێناکردن، ئەویش دۆزینەوەی نەست بوو، نەست کە بووە بەسەمتێکی سەربەخۆ لە بەرامبەر سەمتی پێش هەست " [١] ' بەلام ئەگەر شەڕکردنی لاکان لەسەر فرۆید شەڕێك بێت لەپێناو ڕزگارکردنی فرۆید، ئەوا تەئویلی بۆ ئەو گەڕانەوەیە هاودژ دەبینین لەگەڵ میتا زمان، بۆیە دەپرسێ "میتا زمان مانای چیە ؟" بەلای کریستیڤاوە بۆ وەلامی ئەو پرسیارە پێویستە بە سێ تەداعی دەست پێبکەین، لە ڕوانگەی سێ زمانەوانی جیاوازەوە، بەواتای لەناو سێ تیۆری زمانەوە، ئیشکردنی بونیادگەرەکان بەتەنیا جەختکردنەوە بوو لەسەر سۆسێر، ئەوەش هۆیەکی سەرەکیە لەپشت ئەو پرسیارە، بۆچی ؟ چونکە ئەو پرسیارە پرسیارێك نیە بۆ گومانکردن لە بەرامبەر، بەڵکو لە هەناوی پرسیارەکەدا گومانێکی مەعریفی ئامادەیی هەیە ئەوەش پەیوەندی بە خوێندنەوەی بونیادگەری هەیە بۆ دەق، ئەو گومانەی لاکان لەناو تەداعیەکانی کریستیڤادا دڵنیایی ئەوەمان پێدەبەخشێت، کە گومانی لاکان بگۆڕین بۆ گومانی کریستیڤا، بەوەی گومانێکی ئەبستمۆلۆژیە، کە لە ڕێگەی میتازمانەوە هەوڵی ئاشکراکردنی تواناکانی نەست دەدات لەلای فرۆیدەوە بەر لە هەرشتێ پێویست بەوە دەکات ئاماژە بۆ ئەو سێ تەداعیە بکەین [٢] :

یەکەمیان بەرەنجامی تێگەیشتنی (م. بریال) ە، کە زمان بە شانۆگەرێك ناودەبات و ووشەکانیش بە ئەکتەرەکان، دەیەوێ لە ڕوانگەی مەشقێکی شانۆییەوە ئەو وێنانەمان بۆ بشوبهێنێ، هەر بۆیە دووبارەکردنەوەی ڕووداوەکان ئەو ڕوداوانەی یادەوەری ئێمە لە خەوندا دروستی دەکەن، دووبارە بوونەوەیەکە ڕێك وەك پرۆڤەی شانۆیی وایە، کاتێ دەرهێنەر دەیەوێ بیرۆکە و دیدە تایبەتیەکانی خۆی تیادا جێگیربکات. لەو تێگەیشتنەوە نزیکترین و دیارترین نمونە (هاملێت) ە کە کریستیڤا دەیهێنێتەوە و چونکە چەندە ئەو دەقە بۆخۆی دەقێکی شانۆییە و

دەکرێ لەژێر ئەو تەداعیەوە کاری لەسەر بکرێت، هێندەش نزیك بوونەوەیەکی ترە لە فرۆید، کە پێی وایە باشترین شوێن پراکتیکی لەسەر بکرێت ئەدەبە، بۆیە نوسەران بەو توێژە ناودەبات کە پێش سایکۆلۆژیستەکان دەکەون، مەبەست لەو خوێندنەوە و پراکتیکانەی خۆیەتی، کەلەسەر ئەزمونی ئەدەبی (دستۆفسکی، سۆفۆکلیس) گەورەترین دۆزینەوە و تیۆری تیا بەرهەمهێناوە. خاڵێکی تر بۆ هێنانەوەی ئەو نمونەیە، پەیوەندی بەو دیاردە دەرونیەی کارەکتەرە سەرەکیەکەی نێو دەقەکە هەیە، ئەوەیان لە دوو حاڵەتەکەی تر زیاتر شەرعیەت بە کریستیڤا دەدات هاملێت وەرگرێت [٣] ، چونکە ئەو کارەکتەرە لەنێو سێ ڕەهەند، سەرپەرشتی مەشقە شانۆییەکە

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
11-3-2003 1:18

دەكات لەناو دەقدا، ئەوانیش (هاملێت-كارەكتەرەكان-وەهم) كە تاكی قسەكەر (هاملێت) لەرێگەی ئاخاوتنەوە چارەنوسی خۆی دەستنیشان دەكات، بۆیە هەڵسان بەو نواندنە (٤) ، دەبێتە هۆی تراژیدیای كۆتایی دەق، كە بەتۆڵە سەندنەوە كۆتایی دێت، ئەوەش هەرلە مەنەلۆژە ناسراوەكەی "من هەم، یان نیم" ەوە لەنێو زمان نابینرێ، چونكە زمان دەیخاتە ئەودیو خۆیەوە، كە ئەوەش تیۆری میتازمانی كریستیڤای لەسەر بنیات دەنرێ، بۆیە قسەكردنی هاملێت لە دنیای نهێنی ئەودیو وتراو، كە خۆی لەوە باش تێدەگات دەبێ تێبگات كە باوكی مردووە، بەڵام دەیەوێ ئەوەمان بۆ بسەلمێنێ ئەو بكوژی باوكی نیە، هەڵبەت ئەو سەلماندنەش لەرێگەی نواندنێكەوە پێی هەڵدەستێ، كە تەنیا لە رێگەی میتازمانەوە دەتوانین بگەینە ماناكانی نەست، كاتێ پێمان دەڵێ "حەق لای باوكە، من باوكە مردووەكەم" لەو دەربڕاوەدا زمان روویەكی رووكەشانەی نیە، بەڵكو قسەكەر نهێنیەكەی لەودیو زمان حەشارداوە، قسەكەر گەڕاوەتەوە بۆ ساتی مەنەلۆژەكەی "بوون و نەبوون"، ویستویەتی وەڵامی بەشێك لە پرسیارەكە بداتەوە، بوونی ئەو لەوێدا ئامادەگیەكە حەقیقەتی لەلایە، ئەوەش چەندە لە بینراوی زمانی حەقیقەت لای باوك كوژەكەیە، بەڵام ئەوحەقیقەتە لە رووی بینراوی زمان لای قسەكەرەكە هاملێتە، بۆیە بڕگەی "من باوكە مردووەكەم" وەك دەنگی باوك سەیر ناكرێ، بەڵكو وەك بەشێك لە دەنگی هاملێت وەردەگیرێ، ئەو دەنگە روویەكی تری پرسیارەكەیەتی كە ئەو چەندە لە حەقیقەت بوونی هەیە، بەڵام كە هەست دەكات كەسێكی مردوە. . بە واتا بوونی لەدەستداوە، ئەوەش مانای وایە كاتێك بوون و نەبوون، دەبن بە دڵەڕاوكێیەكی فەلسەفی ئەوە میتا زمانە ئاشكرای دەكات، میتا زمان زەهان بەرەو ئاستی خەیاڵبردنەوە دەبات. میتازمان دەیەوێ لە رێگەی تەداعی دووەمەوە كەلە تێگەیشتنی "سۆسێر" ەوە زمان لە دەرەوەی حەقیقەتە، دەبێ رووە شاراوەكەی بدۆزرێتەوە، چونكە زمانی وتراو لەناو گریمانەی دەسخەڕۆدان و درۆكردندایە، دەمامكێكە بۆ شاردنەوەی حەقیقەت، بۆ ئەوەش تەنیا بە چوونە نێو ئەودیو زمان دەتوانرێ "شاردراو" بدۆزرێتەوە، چونكە زمانی خاڵی نیە لەناو بیركردنەوە، بەڵكو پەیوەندیەكی راستەوخۆی بە سەنتەری بیركردنەوە "عەقڵ" هەیە و عەقڵ لە چوارچێوەی سنورێكەوە سیستمێك گریمانە دەكات، كە زمان لێی نەچێتە دەرەوە، ئەو سیستمە پەیوەستە بەو دۆخە كۆمەڵایەتیە كە سانسۆر دەخاتە سەر بیركردنەوەی قسەكەر، قسەكەر زمانێكی تاكخوازانەی تایبەت بە خۆی نیە، چونكە ئەوە بیركردنەوەیەكی كۆمەڵیە، بیركردنەوەیەكە سیستمی ئاكاری كۆمەڵگا دەیسەپێنێ، ئەگەر بمانەوێ ئەو سنورەی زمان ببەزێنین، ئەوا دەبێ لەودیو شورەی عەقڵەوە بپەڕینەوە بۆ زمان، بۆ ئەو كەسەی بەهۆی تووشبوانی بە دیاردەیەكی دەروونی لەودیو سیستەمەكە قسەدەكات، ئەو ساتە بەرلەوەی ئەوانی دی وەك نەخۆشێك سەیری بكەن، ئەو دڵنیا دەبێ زمانی قسەكردنی، زمانێكی كۆمەڵی نیە، بەڵكو زمانێكی تاكخوازانەی تایبەت بە خۆیەتی، زمانێكە هەڵگری نهێنی و راستی شاردراوەیە، ئەوەش وای لێدەكات گۆڕان لەو بینینە بكات بۆ هەر بینراوێك، وەك خۆی قسەی لەبارەوە بكات، ئەگەر عەقڵ سانسۆری دەخستە سەریان، ئەوائەو دان بەو سانسۆرەدا نانێت، ئەو تێگەیشتنە فرۆیدیە وای لە لاكان كرد بگاتە ئەو بۆچونەی كە زمان وەك نەست بونیادنراوە، كریستیڤا رەخنەی لەو بۆچونەی گرت، چونكە لاكان لە رێگەی گوێگرتن لە زەهانیەكان، زیاد لە پێویست رۆیشتووە، ئەوەش بەرەو مەترسیەكی بردووە كە "داخستنی ئەو كرانەوەیەی بەرەو نادیار بردووە، بەرەو هاودژبوون بەو مانایەی كە پاڵنەری سێكسین، كەلای فرۆید كرانەوەی هەنوكەییە" (٥) ئەوەلەلایەك، لەلایەكی تر بەهۆی تیۆرەكەی سۆسێرەوە، فرۆید نوقمی نێو حەقیقەتێكی زمانەوانی دەكرێت، ئەو نقومبوونە حەقیقەتی دەق ووندەكات، كە لاكان جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە " ئاخاوتنە حەقیقەت دروست دەكات" (٦) بۆیە بەلای كریستیڤاوە ئەوە وایكردووە، لاكان تەنانەت نەتوانێ جیاوازی لەنێوان "شیزوفرینیا"و"زەهان" بكات، ئەوەش وای لێكردووە، وەك زەهانێك رەفتاربكات و دان بە سانسۆر و چەپاندن نەنێت، لاكان بەوكارەی گەڕانەوەی بۆ فرۆید دەبێ بە گەڕانەوە بۆ دیاردەیەكی دەروونی، نەوەك بۆ پرۆژە فەلسەفیەكەی، چونكە سەرەتاییترین پەیوەندی "پێویستیەكان و چەپاندن" فەرامۆش دەكات، رێكخستنەوەی ئەو پەیوەندیەش پەیوەستە بە قۆناغی دوای نەمانی باوك، هەر بۆیە گەر بەر لە كوژرانی باوك هاملێتمان ناسیبا. . ئەوا كارەكتەرێكی ئاساییمان دەبینی، كەلەژێر سیستمی چاودێری دەدوا، بەڵام كاتێ دوای نەمانی باوكی دەبینین، زمان بووە بە سیستمێكی ئاماژەكاری كە تەنیا لە رێگەی چوونە قولایی زمان دەتوانین بیناسین، ئەگەرچی ئەو حاڵەتە ئۆدیپیەی هاملێت بەهەمان

دەرەنجامی فرۆیدیزم کۆتایی نەهاتووە، بەڵام لە ڕێگەی باری دەروونی هاملێتەوە لەوە تێدەگەین کە قوربانی هەمان گرێیە. ئەوەش وامان لێدەکات بڵێین ساتەوەختی بوونی باوك بۆ هاملێت، لە ساتەوەختی بەرلە فێربوونی قسەکردنی منالّ دەچێ، کە کۆمەڵە دەنگێك دەردەبڕێت خاوەن سیستمێکی ئاماژەکاری نیە، بەڵام دوای کوژرانی باوك دەبێ بە قوڵبوونەوەی قۆناغی ئۆدیبی، ئەو قۆناغە لە بنەڕەتدا لەگەڵ فێربوونی زمان دەست پێدەکات، چونکە لەو قۆناغەدا زمان خاوەنی ئاماژەیە و دەبێ لە ڕێگەی میتازمانەوە ئەو سیستمە ئاماژەکاریە بخوێنینەوە، بۆیە ئەو خوێندنەوە ڕەخنەییە بۆ تەئویلی پرۆژەکەی لاکان، لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕینی حەقیقەتی بایەلۆژی فرۆید بۆ مانای مەجازی، چونکە ئەگەر ئەندامی زایەندی پیاو، کەلای فرۆید بووە بە حەقیقەتێکی بایەلۆژی جەستەی پیاو، کە ژن ئیرەیی بەو ئەندامەی جەستە دەبات، ئەوەش بەلایەوە پیاو دەکات بە جەستەیەکی ئەکتیڤ لە پرۆسەی زایەندییدا، بۆیە سێنترالیزمی تیۆری فرۆید لەو ئەندامە نێرینەییە کۆدەبێتەوە، کەلای لاکان ئەو ئەندامەی جەستە مانای ڕەمزی پێ دەبەخشرێت، بەمانایەکی تر سێنترالیزمی پیاو خولّقاندنی دەسەڵاتیەتی، ئەوەش مانای وایە کاتێ دەیەوێ حەقیقەتی بایۆلۆژی بگۆڕێتە سەر مانای ڕەمزی، مەبەستی لەو کارە سروشتی بوونی حەقیقەتی دەسەڵاتی نێرینەییە، لێرەدا پێویست بەوە دەکات ئەو مانا ڕەمزیەی لاکان، لەو مانا ڕەمزیەی فێمینیستەکانی فەرەنسا جیابکەینەوە، کە دوو ڕەمزی تەواو جیاوازن، ئەگەر لای لاکان دەسەڵات بەرهەم بێنێ، ئەوا لای فێمینیستەکان کاتێ ئەو تیۆرەی فرۆید مانایەکی ڕەمزی پێدەدرێت، ئەو ڕەمز وەرگرتنە هەرگیز بە حەقیقەتی بایۆلۆژی سەیر ناکەن، بەڵکو تەواو ڕەخنە ئاراستەی ئەو مانا لاکانیە دەکەن، پێشیان وایە ئەو وێنانەی لاکان بۆ بەخشینی ڕۆڵی زایەند کێشاویەتی، باشترین دەستنیشانکردنە بۆ دەرخستنی بێهودەیی ئەو ڕۆڵە، کە دیارترین دەنگە فێمینیستەکانی ئەو ڕەخنەیە "هێلین سێکسۆس" و "جۆلیا کریستیڤا"ن، ئەوەی دواتریان کە مەبەستی سەرەکیمانە لە ڕەخنەکەیدا هەر لەو دیدە سۆسێرییە بۆ زمان ڕەخنەی ئاراستە دەکات، چونکە ئەگەر لاکان ئەو بە سێنترال کردنە وەك بونیاتێکی ئاماژەکاری سەیربکات، ئاماژەیەك گوتاری "ئامادەگی دەسەلات" بەرهەم بێنێت، ئەوە ئامادەگیەکە لەنێو زمانەوە گوتار دێنێت، بۆخۆی جۆرێکە لە مومارەسەیەکی توندڕەوانەی زمان، پەیوەندی بە هەستکردن بە شکست و یادەوەریەوە هەیە، بۆیە لاکان تەنیا لەو ئاستە ڕەخنەی لێ ناگیرێ، بەڵکو ڕەخنەی کریستیڤا لێی دەپەڕێتەوە بۆیە پەیوەندی "وشە و شتەکان"، کەئەو پەیوەندیە وابەستەی شکست و تەماهی کردنە لەگەڵ شتەکان، ئەوەش کە ڕەمز دەخولقێنێ لە ڕاستیدا بنیاتێکی کۆنکرێتیە بۆ تەماهی ڕوخان، کە لاکان زمان وەك ئەو فاکتەرە چالاکە سەیردەکات بۆ خود، کە لە ڕێگەیەوە وشە دەردەبڕێ بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ شتەکان، کە جەستەی ژن وەك شتەکان دەبینێ، ئەوەش چەند حاڵەتێکی دڵەڕاوکە و هەستکردنە بە هەڵەکردن، بەڵام پرۆسەیەکە پاڵنەرەکەی ئەو شکستەیە کەلە سەیرکردنی بۆ بەشتکردنی بەرامبەر تێکەڵی نێو زمان بووە، ئەو ڕابردووەی خود، بیرۆکەی قسەکردنی لادەکات بە پێویستیەك، بۆیە ئەگەر ئەو حاڵەتە لای لاکان بەدالکردنی ناوێك بێت، ناوەکەش بە "باوك" ناوببات، ئەو کارە بەلای کریستیڤاوە گەڕانە بەدوای کەسێکی لەدەستدراو کە باوکە، چۆن ؟ ئەو گەڕانە بە دوو قۆناغ دەگەڕێنێتەوە، یەکەمیان پەیوەندی دروستکردنە بۆ خۆی، کاتێ سۆزی بۆ ئەویتر رادەگەیەنێ، ئەو پەیوەندیەش لەڕێگەی دەنگەوە دروست دەکرێت، پەیوەندیەکە بینینی جەستە بەلایەوە گرفتێك نیە، چونکە دەیەوێ خۆی بخاتە شوێنی دەنگەوە، قسەکردنی هاملێت لەو ڕاستیەوە سەرچاوەی گرتووە، با هەر هاملێت بۆ ئەو حاڵەتە بە نموونە بێنینەوە، ئەگەر پێشتر وتمان دەنگی تارمایی دەبێتەوە بەبەشێك لەناو دەنگی هاملێت، ئەوا ئێستا بوونی ڕووبەری دەست نیشانکراوی تارمایش، هەر بۆ هاملێت دەگەڕێتەوە، چونکە خود لە ڕێگەی قسەکردنەوە ئەو وێنەیە دروستدەکات، کە لاکانیش هەر لە ناو ئەو "زهانە هاملێتیە " ماوەتەوە و نەیتوانیوە بپەڕێتەوە بۆ قۆناغی دووەم، کە قۆناغێکە دوای ئەوەی دەنگ لەبری خۆ دۆزینەوە، دەبێ بەدالێك بۆ وشیارکردنەوە لە هەڵەیەکی کوشندە کە خود پێی هەڵساوە، لەو قۆناغەدا مەبەستمان لە لاکانە نەك لە هاملێت، کەلەناو پرۆژەکەی توانای زاڵبوونی بەسەر یادەوەری خۆی نیە، ئەوەش لە قۆناغی یەکەم دەیهێڵێتەوە، مانەوە لەو قۆناغە ڕێگەنەدانە بە خود بۆ هەستکردن بەهەڵەکە، چونکە تەنیا ئەو کاتە دەتوانێ بەرامبەر وەك ماتریال سەیر نەکات، کاتی بەدالکردنی دەنگ، ئەو کاتەی ڕابردوو دەگۆڕێت، ئەوەش ڕێك ئەو ساتە پەشیمانیە ئۆدیبییە کاتێ حەقیقەتەکەی پێدەڵێن، لەبەرامبەر تاوانی

کوشتنی باوك و نوستن لەگەڵ دایك، هەردوو چاوەکانی خۆی هەڵدەکۆڵێ، بۆچی ئەو حاڵەتەمان بۆ دۆخی مەرگەساتی ئۆدیب هێنایەوە ؟ چونکە ئەگەر لەسەرەتاوە لەو فەزایەی گرێی ئۆدیب گفتوگۆ دەکەین، دەبێ ئەوەش بڵێین کە لاکان بەهۆی نەهاتنە نێو قۆناغی تر و مانەوەی لەناو سەرەتا، دەنگ لای نابێ بەدال، بەدالکردنی دەنگ رەخنەگرتنە لە سەرتاپای ئەو گوتارەی کە پێی وایە حەقیقەت بەرهەم دێنێت، هەر بۆیە کاتێ لە رێگەی قەشەوە دەنگ نهێنی دێنێتە نێو کۆشکەوە، ئەو هاتنە روناکی لەچاوی ئۆدیب وەردەگرێتەوە، بە واتای پەشیمان بوونەوەیە لەو باوکایەتیەی کەبەدوای کوشتنی پاشا لەگەڵ جۆکاستاماڵ پێکەوە دەنێن و دەبێتە باوکی چوار منداڵ، ئەو باوکایەتیە دوای ئاشکرابوونی نهێنی کۆتایی و مەرگی باوکە. وەك چۆن فەرامۆشکردنی غەریزەی ژیاندۆستی داهاتوی خودە، ئەوەش زیادەرۆیی کردن لەناو زهان وا لە لاکان دەکات، ئەو پرسیارەی فرۆید وەڵامی نەدایەوە، ئەو وەك پرسیار نەیهێڵێتەوە "ژنان چیان دەوێت ؟" کە وەڵامدانەوە بە پەراوێزکردنی ژنە، لە کاتێکدا بە پرسیار مانەوە ئەو تاك رەهەندی بیرکردنەوە دەکوژێت، خولقاندنەوەی ئەو پرسیارە، کرانەوەیەکی ترە لەناو ئەو سیستەمە نێر سالاریە، بەرەو سیستمێکی جیاواز، کە پێکەوەنانی ژیانی هاوسەری ژنانە لەگەڵ یەکتری لەلایەك و لەلایەکی تریش یەکخستنی عەقڵیەتی پەتریارکیە، ووردتر قسەبکەین دەبێ بڵێین "کریستیڤا"ش وەك "دریدا" ویستویەتی گوتاری سێنترالیزمی لۆگۆسی هەڵوەشێنێتەوە، ئەوەش رەخنەگرتنەلە ژیار و فەلسەفەی مۆدێرنە، ئەگەر فرۆید بە یەکێك لەو سێ فەیلەسوفە سەیربکرێت، کە سێ برینی مەزن دەخەنە کلتوری خۆرئاوا، ئەوا لەو رەخنەگرتنە لە لاکان دەبێ بە چاوێکی گومانەوە بۆ ئێستا سەیری ئەو برینە بکەین، چونکە ئەم برینە دەبێتەوە بە ئایدیۆلۆژیایەك و برین بەرهەم دێنێتەوە، بەلآم لەبری خستنە کلتوری خۆرئاوا دەیگوازێتەوە ناو فەلسەفەی فرۆید، چونکە ئەگەر فرۆید خاڵێکی دۆزیبێتەوە، بەلآم توانای ئەوەی نەبووبێ سێنتەر بگۆرێت، ئەوا مانای وایە ئەو برینە خستنە کلتورە دواجار توانای هاتنە دەرەوەی لە سێنتەری عەقڵ نیە، چونکە دەستبەرداری روانینی عەقڵ نەبووە بۆ حەقیقەت، ئەوەش مانەوەی گوتاری میتافیزیکیە، کە مێژووەکەی لە فەیلەسوفێکەوە دەست پێناکات، بەڵکو وەك "دریدا" ئاماژەی پێداوە و کە "مێژووی میتافیزیکیا"، بەتەنیا لە ئەفلاتونەوە بۆ هیگڵ دەست پێناکات، بەڵکو لەپێش سوکراتیەکانەوە، تا هایدگەر هەبووە، بەردەوام عەقڵ وەك بنەچەکەی حەقیقەت دانراوە " (٧) .

کە مەبەستمان لەو تێبینیە ئەوەیە کریستیڤا وەك دریدا هەڵوەشاندنەوەی سێنتەر بە یەکێك لە پێویستیەکان سەیر دەکات، بەلآم ئەگەر لای دریدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری بیرکردنەوە ژیاربێت، ئەوا کریستیڤا دەیگوازێتەوە نێو دەقی فرۆید، کە دەبێ ئەوەشمان بیر نەچێت، کە خۆی وەك فرۆیدیزمێك ناودەبات، بەلآم فرۆیدیزمێك کە خوێندنەوەی رەخنەیی جیاواز لەناو دەق بەرهەم دێنێت، بۆیە دەبینین لەنێو زۆر لە کارەکانی کریستیڤادا چەمکی سێنتەر دەبێ بە جەمسەرگیری و بەگژداچوون لەنێوان رێکخەرە عەقڵیەکان "داخراو" و رێکخەرە نا عەقڵیە-پەرتەوازەکان- کراوە، واش دادەنێ کە شیعر باشترین شوێنگەیە بۆ شیکردنەوە " (٨) ، یەکێك لەو خاڵانەی کە بۆ پاڵپشتی قسەکانیش دەیهێنێتەوە، ئاماژە بەوتەیەکی فرۆید دەکات، کە بەر لە قۆناغی ئۆدیپیەت رەگەز دەستنیشان ناکرێت، بۆیە کاتێ لە رێگەی شیعرەوە شیکردنەوەکان دەخاتە روو، بڕوای بەو راستیە هەیە "شاعیری پێشرەو، پیاو بێت یان ژن، دەچێتە نێو جەستەی دایکەوە و بەرەنگاری یاسای باوك دەبێتەوە، هەر بۆ نمونە "مالارمێ"، یاساکانی گراماتیك تێکدەدات، بۆ ئەوەی یاسای باوك وێران بکات، تەماهیش دەکات لە رێگەی گرتنی بە "التدفق" هەڵقوڵێنی سیمۆلۆژی دایکایەتی " (٩) ، ئەوە لە کاتێکدا لاکان دەیەوێ ئەو یاسایە بە پیرۆز رابگرێت، بۆیە زهان چەندە ئەو دیاردە دەروونیەبێ کەلە رێگەیەوە کەشفی میتا زمانی پێ بکرێ، بەلآم زیادە رۆیی کردن لەگەلێ تەئویلکار تووشی زهان دەکات و سیستمی گوتاری لا ناهێڵێت، بۆیە کریستیڤا لە بەرامبەر پرسیاری لاکان بۆ میتازمان، ئەو تەئویلە زیاد لە پێویستەش بە جۆرێك لە زهان ناودەبات، کە ئەویش لە رێگەی میتا زمانەوە، دەتوانین نهێنی پرۆسە تەئویلیەکەی تەئویلکار بناسین.

***پەراوێز و سەرچاوەکان :***

١-جاك لاكان و اغواو التحليل النفسى، اعداد و ترجمه "عبدالمقصود عبدالكريم" المجلس الاعلى للبقافه ١٩٩٩ /ص ٧٨.

٢-ئەو سێ تەداعیەش گەڕانەوەیە بۆ "بریال، سۆسێر، بنفنیست "، کە هەرسێکیان دەبن بە خاوەنی یەك ستراتیژ بۆ گوتاری زهان.

٣-ئەوە تاكەكارى كريستيڤا نيە لەسەر شانۆ، بە تايبەت يەكێك لە ديارترين بەرهەمەكانى بۆ ئەزموونى شێتى لە شانۆى ئارتۆ تەرخان كردووە.

٤-مەبەست لەو ديمەنە نواندنەى نێو دەقەكەيە.

٥-"اسم موت او حياة، جوليا كريستيظا، ترجمة "د. صبحى البستانى" الفكر العربى المعاصر، العدد ٢٣ كانون الثانى ١٩٨٣ ، ص ٧٢.

٦-جينالوجيات ما بعد الحداثة، رشيد بو طيب، مجلة افق، العدد ٢٧ نوفمبر ٢٠٠٢، انترنيت.

٧-هەمان سەرچاوە.

٨-النظرية الادبية المعاصرة، رامان سلدن، ترجمة سعيد الغانمي و بيروت، الطبعة الاولى ١٩٩٦، ص ٢٠٧.

٩-هەمان سەرچاوە، ص ٢٠٩.

تێبينى كوردستان نێت:

ئەم نووسينە دەربڕينى بيروبۆچونى خاوەنەكەيەتى، كوردستان نێت لە ناوەرۆكەكەى بەرپرسيار نييە. ٧-٣-٢٠٠٣